# ئیسلام چی لە لاوان دەوێت ..؟!

بسم الله الرحمن الرحيم

تـەواوی سـوپاس و ستایـشەکان بـۆ پـەروەردگار ، صـەڵاواتی زۆر بـۆ سـەر پێغەمبـەری نـازدار ﷺ ، خودایە پەنات پێدەگرم لـە تـاوان گـەڵێك کـە بمکاتـە خەڵکی دۆزەخ ، وە لەسەر لێشێوانێك کە لـە ڕێگـەی ڕاست ونم بکات ، وە لە خراپی نەفس کە سـەر شـۆڕم بکـات ...... وە دوای ستایـشی بـێ پایـان لـە بـۆ خواوەندی بەدیهێنەر ....

السلام عليكم ورحمة الله و بركاته.

ئـای .... براکـەم ... ئـای خوشـکەکەم ... خۆزگـە دەتزانی ئاهـ ... و ... ئای .... بۆچی هەڵدەکێشم ....؟! تکات لێدەکەم گوێ بگرە لەم برا بچوکەی خـۆت ...... بۆ ئەوەی باست بۆ بکەم و لـە هۆکـەی تێبگـەی .... و بێتـەوە یـادت چـونکە دڵنیـام کـە ئـەیزانی ... تـەنها بیرخستنەوەیە بۆ تۆی بەڕێز....

خوشکەکەم ..... براکەم.... وەکو ڕونە لات کە ئاینی پیرۆز ئیسلام ، ئاینێکی گشتگیر و هەمـە لایەنەیـە... وە بۆ هەموو خەڵك هاتووە... بـە ڕەچـاو کردنـی هـەر چین و توێـژێك و هـەر تەمـەنێك ..... لـە نـاو هـەموو لایەنەکانیدا.



گرنگترین چینەکان لەم ئاینە بە پیرۆزەدا چنیی ئێمـەی لاوە.... هـەر بۆیـە پێغەمبـەری سـەروەر ﷺ ئاگـاداری کروینەتەوە لـە گرنگێتـی و ناسـکی و زوو بەسەرچـونی سەردەمی گەنجێتی ...... هەر بۆیە لـە فـەرموودەکانی دا سەرنجی ئێمەی گەنج ڕادەکێـشێت و ئامـاژە بـە گرنگـی تەمەنمان دەدات وەك ئەم فەرمودەیە کە باس لـە حـەوت کۆمەڵـەی مـوژدە پێـدراو بـەوەی کـە لـە ڕۆژی دوای دا لەسایەی عەرشی خودای گەورەدا حەشردەکرێن کـە لـەو ڕۆژەدا هیچ سێبەرێك نی یە جگە لەو سێبەرە نـەبێت ... باسی کردوی لەبەر گرنگی تـۆی لاو، لـە سـەرەتای ئـەو حەوت کۆمەڵـە خەڵکـەوە باسـی کـردوی، دوای حـاکمی دادپـــەروەر ..... و کـــە فەرموودەکـــە لەهـــەردوو صەحیحەکەدایە ... و دەفەرموێت ﷺ " وشابٌ نـشأ في طاعــة الله " ، واتــە : ئـەو گەنجـەی کـە گـەنجێتی بـە پەرســتنی خــوداوە بەســەر دەبــات... بــەڵکو لــە فەرموودەیـەکی تـردا کـە (حـاکم) گێراویـەتی یـەوە فەرموویەتی ﷺ " وشاب أفنى شبابه في طاعة الله " .... واتـا: لاوێـك گـەنجیتی لـە پەرسـتنی خـودادا دەتوێنێتەوە ... وە ئەوەش بزانە کە زانایان فەرموویانـە : جیاوازی لە نێوان کوڕ و کچ دا نیە لـە پەرستـشدا ... وە لە فەرموودەیـەکی ترداکـە (حـاکم ) دەیگێڕێتـەوە ...... پێغەبەری خوا ﷺ فەرموویەتی پێنج شـت پـێش پێـنج



شـت بکـە وە لـە نێوانیانـدا فـەرمووی(شـبابك قبـل هرمـك) ، واتـە : گـەنجێتیت پـێش ئـەوەی پیریـت پـێ بگات ....

جا برا باشەکەم ..... خوشکی بەڕێزم .... دەی توخوا با ئەم وتانەی سەروەر وخۆشەویست و دڵسۆزترینی دڵسۆزان ﷺ لەبەر چاو بگرین..... توخوا بۆ ساتێکیش بێ بیر بکەرەوە پیر بووی و توانای ئەوت نەماوە خۆت قۆزبکەی و دەستت دەگرن بەرێگادا ..... یان بیرکەرەوە کە لە ناو قەبردا بەتەنیا ماویتەتەوە و لێت ئەپرسن چیت ئامادە کردووە بۆ ڕزگار بوونت لە دۆزخەی کە تەنها بە بینینی هەرچی خۆشی دونیاتە لە بیر ئەباتەوە.... ئەی نەتزانی کە مردی خەڵك و دۆست و کەسەکانت ئەوپەری پەلەدەکەن بۆ ناردنت بۆ ئەو پرسیار و وەڵامە ترسناکانەی کە لێت دەکرێت..... ئەتەوێ خۆشترین موژدەت پێبدەم بۆ گەرانەوەت بۆ لای خوای گەورە و بەبەزەیی ...... ها .... ئەتەوێ بزانی ...؟

دەی ئەم ئایەتە باش بخوێنەوە.... ﴿ قُلْ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُواْ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًاۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥٣﴾ ﴾ ( سورة الزمر : ٥٣ ) .... ئەزانی واتاکەی چیە ...؟؟!

واتا: ئەی پێغەمبەر ﷺ بەو بەندانەم بڵێ کە

زوڵمیانکردوە لەنەفسی خۆیان و تاوانیان کردوە، با بەزەیی و لێخۆشبوونی خوای گەورە لە بیرنەکەن ، ئەو لەهەموو تاوانەکان خۆش دەبێت ، ئەو لێبوردە و بەخشندەیە .... ئەی خۆشەویستەکانم ئەتانەوێ خوای گەرە خۆشی بوێن ....؟ ها...؟! ئەتەوێ..؟؟ دلنیام ئەڵێی بەڵێ.... دەی خوای گەرە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلتَّوَّٰبِينَ وَيُحِبُّ ٱلْمُتَطَهِّرِينَ ﴿٢٢٢﴾﴾ (سورة البقرة) .

واتە: خوای گەورە ئەوانەی کە ( تەوبەکارن و خۆ پاك رادەگرن ) ی خۆش دەوێت ... دەی چاوەڕێی چیت ؟! تەوبە بکەو بگەڕێوە تا خۆشویستی خوای گەورە بەدەست بهێنی ... جا دوای ئەمانە پێت دەڵێم ئەم تەمەنەی گەنجیەمان با بەفیڕۆ نەدەین بە تاوانی بەردەوام ...... بەڵکو بە پەرستش و ڕەوشتی جوان و ئامۆگاری چاکە و ئاگادار کردنەوەی دەوروبەر لە کارە خراپەکان ..... ئەم تەمەنەی من و تۆ هەمانە لە دەست زۆرێك لە خەڵکی دا بوو کە بە زۆری چاکە کۆتاییان پێهێنا، دەی با لەدەستی نەدەین بێ ئەوەی کە بەشی قیامەتی لێ هەڵگرین ..... دوعا یەکێکە لە باشترین پەرستشەکان بیرت نەچێت ..... دوعا بۆ خۆت و دایك و باوك و موسوڵمانان ، ئێمەشت بیر نەچێت ...... بانگەواز بکە بەپێی زانیاری و توانای خۆت ، چونکە



پێشەوای بانگخوازان ﷺ دەفەرمووێ : "بلغوا عني و لو آية " ( صحيح جامع الصغير : ٢٨٣٧) واتە: ئەگەر ئایەتێکیش بێت لەمنەوە بیگێڕنەوە بۆ خەڵکی تر و بانگەوازی پێبکەن بۆ لای خوای گەورە...... ئەوەشت بیرنەچێ ، پێشەوای گەنجان فەرموویەتی ﷺ **(إن الدال على الخير كفاعله)** ( الصحيحة : ١١٦٠ ) ، واتە: کەسێك ئامۆژگاری بۆ کاری چاکە بکات وەك ئەوە وایە کە کردبێتی .... موژدەی پاداشت بەخەڵکی بدە و ئاگایان بکەرەوە لە نارەحەتی سزای سەخت و بەئازار....... وە لە کۆتای دا ئەڵێم.... خۆشم ئەوێن تەنها لەبەر خوای گەورە .... با ئەم ژیانە تاڵە نەمان خاتە دۆزەخی لەخۆی تاڵترەوە ...

وآخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمين

---


**ئامادەکردنی**

**باوکی ئونەیس**



**بۆ دەستکەوتنی هەر کتێب و**
**نامیلکەیەکی نوێ سەردانی**
**﴿ سایتی بەهەشت ﴾ بکە**

**www.ba8.org**




# ئیسلام چی لە لاوان دەوێت...؟!

**www.ba8.org**